# گەرمیان ... بە هۆی 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێل تۆمەتبارێک دەستگیر دەکرێت




ئەمڕۆ شەممە،پۆلیسی گەرمیان ڕاگەیاند، تۆمەتبارێکی دەستگیرکردووە کە هەڵساوە بە دزینی 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێلی لە ناحییەی ڕزگاری و ویستوویەتی لە ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلار ساغی بکاتەوە ".

ڕەعەقیدی عەلی جەمال قدوری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، دوای ئەوەی ئەمڕۆ هاوڵاتیێک پەیوەندی بە پۆلیسی 104ی کەلارەوە کرد و ئاگاداری کردنەوە لە حاڵەتێکی دزیکردن، دەستبەجێ مەفرەزەی پۆلیسی فریاکەوتن 104ــی کەلار چونە شوێنی ڕووداوەکە لەناوچەی پیشەسازی کەلار.

ئاماژەی بەوەشکرد، هێزەکانی پۆلیس توانیان تۆمەتبار دەستگیربکەن کە ئۆتۆمبێلی جۆری بی ئێمی پێبووە و 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێلی لە ناحییەی ڕزگاری دزیوە و ویستویەتی لە ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلار ساغی بکاتەوە.

لە راگەیاندراوەکەدا هاتووه، تۆمەتبارەکە دانی بەتاوانەکەدا ناوە و بە بڕیاری دادوەر و بەگوێرەی مادەی 446 لە یاسایی سزادانی عێراقی بەندکراوە.